# حکومەت بۆ قسەی نییە

## سمکۆ عەبدولکەریم

من تائێستا لەوە تێناگەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆچی لە بەرامبەر رووداوو قەیرانە ئابوری و سیاسیەکانی ولاّتدا قسەی نییە ، وا هەفتەیەك زیاتر بە سەر ئەو قەیرانی بەنزینەدا تێدە پەڕێکە شاری هەولێر و دەڵێن شارەکانی دیکەشی گرتۆتەوە ،کەچی تا ئێستا هیچ بەرپرسێکی حکومی نەهاتوە لێدوانێك بدات و هۆکارەکانی بۆ هاولاّتیان روونبکاتەوە ، تۆبڵێ بەرپرسان ئاگایان لەوە نەبێ کە لەبەرامبەر ئەوەدا رۆژانە هاولاّتیان دەڵێن چی .

بۆچی لەماوەی بیست و چوارسەعاتدا سەرجەم بەنزینخانەکانی هەولێر دادەخرێن، کەچی بە بەرمیل لە سەر شۆستەو شەقامەکان بە نرخی خەیالی دەفرۆشرێ ، لە بەرامبەر ئەوەشدا حکومەت بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەری گرفتەکەدا بگەڕێو هەوڵ بدا دەروازەی دیکە بدۆزێتەوە بۆ دابینکردنی بەنزین ،لە بەرامبەر ئەو قسەیەی خەڵکدا کە دەڵێن ئەی ئەگەر بەنزین نییە ئەم هەموو بەنزینە چییە لەسەر شۆستەکان ، بەرپرسان دەست دەکەن بە کێومالّکردنی شەقامەکان و راودوونانی بەنزین فرۆشەکان ، کە سەرەنجام ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین ، کە لە ئەنجامی ئەمەدا تائەو کاتەی ئەم بابەتە دەنووسم نرخییەك جلیكان بەنزین لە 15 هەزارەوە گەیشتە 30 هەزاردینار.

حکومەتی کوردی بە درێژایی چواردە ساڵی حوکمڕانی تا ئێستا وەك پێویست لە ئاست داخوازی و داواکارییەکانی هاولاّتیاندا نەبووە،

سەیرە لە ولاتێکدا کە خەریکە گوزەان و باری ئابوری هاولاّتیان بە ئاقارێکدا دەڕوا کە زۆرمەترسیدارە ، کەچی سیاسەتمەداران و رۆشنبیرو نووسەرانی ئێمە هەر خەریکی دیموکراسی و کۆمەلگەی مەدەنی و بەشداری و بەشداری نەکردنی هاولاّتیانن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عیراق .

تائێستا کەس خوێندنەوەیەکی جدی و عیلمی بۆ پێشهاتە ئابورییەکان نییە ، لە سلێمانی گرانی گەیشتۆتە ئاستێك ، ئەگەر پێشی لێنەگیرێ ئەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا قەیرانێکی ئابوری گەورەی لێدەکەوێتەوە،

لە ماوەی رابردوودا چەندین کۆمپانیا بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکان پرۆژەکانیان بە نیوە چڵی بەجێهێشت ، ماوەیەکیشە کۆمپانیا تورکییەکان کە دوای روخانی رژێمی بەعس بە لێشاو هاتوونەتە

**کوردستان و ئێستاش  هاوکات لە گەڵ ئەم قەیرانی سووتەمەنیەی کە کوردستانی گرتۆتەوە پڕۆژەکان بە جیدێڵن ،لە هەندێ ناوچەدا  جگە لەوەی کە کەل و پەلی پڕۆژەکانیشیان لە گەڵ خۆ بردووە، کرێ کاری کرێکارەکانیشیان نەداوە  بۆیە پێویستە هەردوو حکومەتی کوردستان تۆزێك وردتر بڕوانەپێش خۆیان و ناوە ناوەش ئاوڕێك لە دوای خۆیان بدەنەوە**